**لە خۆشەویستی ئیسلامییەوە تا زۆرەملی و داسەپاندنیی**

**فەلات ئولوق شادەنووش**

ئاینی ئیسلام ئایینێکی پیرۆزە و مەبەستی پەرەپێدانی خۆشەویستی و ئاسودەییە و ئەو کەسانەی کە بە بنەماکانی ئایینی ئیسلامی راستەقینەوە پەروەردە کراون لەهەموو شتێکی خراپ بەدوور دەبن و دیارە سوودێکی گەورە بە دروست بوونی کۆمەڵگایەکی شایستە دەگەیەنن. ئەو کۆمەڵگایەی کە ئایین لەناویدا کاریگەر نەبێت لە خۆشی و خۆشەویستی و ئاسودەیی دوور دەبێت. بۆ پەروەردە کردنی ئایینی ئیسلام، مزگەوت و شوێنە ئایینیەکانی دیکە هەن. هەنووکە پارتە ئیسلامییەکان بۆ پەرەپێدانی ئایینی ئیسلام و تێکۆشان لەو گۆڕەپانەدا و هەروەها پەرەپێدانی ئیسلامی سیاسی چالاکن.

ئەوانەی کە ئێستا لەناو پارتە ئیسلامییەکاندا جێی خۆیان گرتووە تەنها ئامانجیان ئەوەیە کە خزمەتێکی باش لە روانگەی خۆیانەوە بە نەتەوەکەیان بگەیەنن. لەو بارەیەوە ئامانجی خۆیان بەوە پێناسە دەکەن لە کوردستاندا گەندەڵی و نایەکسانی نەمێنێ و یارمەتی خەڵکی هەژار بدەن و کەم نین ئەو کەسانەی راستگۆن لە بیر و بڕوایاندا.

**پاش ئەوەی ئیسلامی سیاسی دەسەڵات بەدەست دێنێ**

نموونەکانی جیهان ئەوەی سەلماندووە کە پارتە ئیسلامییەکان دوای ئەوە کە دەسەڵات بەدەست دێنن بە شێوەیەکی بەپەلە دەگۆڕێن و ئەو گۆڕینەش لەدەرەوەی ئیرادەی ئەوانەوە ڕوو دەدات.

دوای ماوەیەکی کورت لە ئەرکی پیرۆزی خۆیان دوور دەکەونەوە و لەجیاتی سوودگەیاندن بە کۆمەڵگا و ئایینی ئیسلام، زیان دەگەیەنن. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە

دەگەڕێتەوە، پێش ئەوەی دەسەلات بەدەست بینن بەشێوەیەکی خۆشەیستی و بەڕوویی گەشەوە هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئەو ئایینە پیرۆزە بلاو بکەنەوە بەلام دوای ئەوەی دەسەلات کەوتە دەستیان ئەو کارە بە زۆرەملی بە ئەنجامی دەگەیەنن. ئەو کەسانە پێیان وایە ناچارن ئەو هێزەی بەدەستیان هێناوە پێویستە و دەبێ بەکاری بێنن چونکە ئەگەر بەکاری نەهێنن هەست دەکەن کە لەلای خوا گوناهێکی گەورەیان کردووە.

بۆ نموونە ئیسلامییەکان پێش ئەوەی دەسەلات بەدەست بێنن بە کچێك دەڵێن سەرپۆش لەسەر بکە تەنها پێی دەڵێن، ئەگەر کچەکە ڕازی نەبێت هیچی پێ ناڵێن بەلام ئەگەر دەسەلاتیان بەدەستەوە گرت ئەوکات لەسەری فەرز دەکەن، ئەگەر کچەکە سەرپێچی قسەی ئەوانی کرد ئەوە سزای دەدەن. دوای ماوەیەك دەبینین چوونە قوتابخانە لە کچەکان قەدەغە دەکرێ و ناهێڵن کچان لە ماڵەوە بێنە دەرەوە. هەروەها تەلەفزیۆن و ئاهەنگ و ئامێری تەکنەلۆژیای ئێستا یەك لەدوای یەك قەدەغەدەکرێ و کۆمەڵگاکە بۆ دواوە دەگەڕێننەوە.

پارتە ئیسلامییە سیاسییەکان کاتێك دەسەلات بەدەست دێنن خۆیان ناچار دەبینن ئەم کارانە بکەن چونکە لەو باوەڕە دان ئەگەر ئەو کارانە نەکەن ئەوە عیبادەتی خوایان بەجێنەهێناوە و کێ توندڕەوترە پتر لە دەسەلاتدا پێشدەکەوێت و هەر بۆیەش بونیادگەرایی دەبێتە سەمبولێك.

دیارە بەمە کۆتایی نایەت چونکە دوژمنایەتی و خوێن ڕشتنیش دەست پێدەکات. ئەو پارتە سیاسییە ئیسلامیانە دوای ماوەیەك پارتە دیموکرات و لیبڕاڵ و سۆسیالیستەکان و هتد وەك دوژمن دەبینن و هەوڵی لەناو بردنیان دەدەن تەنانەت دوای ماوەیەکیش ئەو پارتە سیاسیە ئیسلامییە کە دەسەلاتی بەدەست هێناوە، پارتە سیاسییە ئایینیەکانی دیکەش وەك دوژمن دەبینێ و بەس خۆی بە هەق و ڕەوا دەزانێت و نموونەی مێژووییش لەو بارەیەوە لە ولاتانی جیهان زۆرن.

ئەو کەسانەی کە خاوەن بیر و باوەڕ و بە نییەتێکی باش دەست بەو ئەرکە پیرۆزەیان کردووە دوای ماوەیەك دەبینن کە زیانێکی گەورەیان گەیاندۆتە کۆمەڵگا و وڵات و خوشك و برایانی ئایینی خۆیان.

نموونەی پارتی کۆماری ئیسلامی کە دواتر بووە خاوەنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران. کاتێك دەسەڵاتی بەدەستەوە نەبوو دەیگوت شیوعیش لە وڵاتدا دەبێت چالاکی هەبێت و بەڵام هەنووکە کردار و شێوازی تەعامولی لەگەڵ تەنانەت باڵەکانی دیکەی ئیسلامییشدا دەبینین کە بەو جۆرە نیە هەروەها پارتی داد و گەشە پێدانی ( ئاکە پە ) تورکیا کە پارتێکی ئیسلامی سیاسییە و دەسەڵاتی تورکیای بەدەستەوە گرتووە، لەوانەیە لەگەڵ بابەتی ئاماژەپێکراو نەگونجێت، بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر بچێت لە تورکیا سوپایەکی پەروەردەکراو و بەهێز، ڕێگا نادات ئاکە پە ئەو شتانەی کە لەسەرەوە باسم کردووە بە ئەنجامی بگەیەنێت. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا لە کوردستاندا سوپایەك یان هێزێك هەیە کە ڕێگر بێت لە بەرامبەر ئەو مەترسیەدا؟

دەمەوێت ئەوە بڵێم پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان کە دەیانەوێت خزمەتی خەڵکی خۆیان و ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکەن، دەبێت هیچ کات هەوڵی ئەوە نەدەن کە دەسەڵات بەدەست بێنن بۆ ئەوەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز نەك بە زۆرەملی بەڵکو بە خۆشەویستییەوە بڵاو بکەنەوە.

ئەوەیان لە بیر نەچێت هەر کاتێك دەسەڵاتیان بەدەست هێنا ناچار دەبن کە ئایین بە زۆرەملی بڵاو بکەنەوە و بەسەر خەڵکەکەیاندا دایسە پێنن. ئەگەر نەیانەوێت زیان بە ئایین بگەیەنن دەبێ ئەو ئەرکە پیرۆزەیان نەك لە چوارچێوەی سیاسییدا بەڵکو لە چوارچێوەی دەزگایەکی خێرخوازی ئایینەوە بە ئەنجام بگەیەنن و منداڵەکانمان بە ئایینی راستەقینەوە پەروەردە بکەن و بۆ وەدیهاتنی کۆمەڵگایەکی گەشاوە و دڵفرەوان تێبکۆشن.